## نوسینگەی ڕاوێژکاری زمانەوانی و وەرگێڕان

نوسینگەی ڕاوێژکاری زمانەوانی و وەرگێڕان بەپێی فەرمانی وزاری ژمارە (٢٢١٨)ی ڕێککەوتی (٢٠/٢/ ٢٠١٣)ی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەنوسراوی ژمارە(٧/٣/١٥٣٩)ی ڕێککەوتی (٦/٢/٢٠١٤)ی نوسینگەی بەڕێز سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی گشتاندنی بۆ کراوە و پەیڕەو و پرۆگرامەکەی بۆ داڕێژراوە. دواتر، بەهۆکاری قەیرانی ئابووری و شەڕی داعش نوسینگەکە کارانەکرا. پاشان لە ڕێککەوتی٢/١١/٢٠٢٢ و بەپێی فەرمانی زانکۆیی ژمارە ٧/١٢/١٣٧٥٤ بڕیار لەسەر کاراکردنی نوسیگەکە درا.

تێبینی/ لە ئێستادا تەنها یەکەی وەرگیران و هەڵەچنین کارایە.

**پێکهاتەی کارگێڕی:**

| ناو | ناونیشان | پلە |
|---|---|---|
| پ.د. شاخەوان جلال حاجی فرج | ڕاگری کۆلێژ | سەرۆکی نوسینگە |
| پ.ی.د. ئازاد حسن فتاح | بەشی ئینگلیزی | ئەندام و بەڕێوەبەری نوسینگە |
| پ.د. حەمە نوری عمر کاکی | بەشی کوردی | ئەندام |
| پ.ی.د. ئاواز محمود محمد | بەشی عەرەبی | ئەندام |
| م. ئەرکان عبداللە محمود | بەشی فارسی | ئەندام |
| م.ی. دابان محمد حاجی | بەشی وەرگێڕان | ئەندام |
| دڵشاد نجم عثمان | وەرگێڕ | کارگێڕی |
| کاروان احمد نامق | ی.وەرگێڕ | کارگێڕی |
| نیهایەت سلێمان عبداللە | فەرمانبەر | ژمێریاری |
| شاناز محمد علی | فەرمانبەر | وردبینی |
| پەرژین محمد رضا | فەرمانبەر | یاسایی |

ناونیشان: زانکۆی سلێمانی- کەمپی قلیاسان – کۆلێژی زمان – باڵەخانەی ژمارە 12- نهۆمی دووەم

ئیمەیڵ: oltc@univsul.edu.iq

**دید:**

دیدەکانی نووسینگەی ڕاوێژکاریی زمانەوانیی و وەرگێران بریتین لە:

* خۆمان وەک ناوەندێکی پێشەنگ لە بواری زمانەوانیی و وەرگێڕاندا لە هەرێمی کوردستان بناسێنین. خواستمانە وەک بژاردەی یەکەمی خوازیارانی خزمەتگوزاریی زمانەوانی و وەرگێران بناسرێین، بەجۆرێک کە کوالێتیی نایاب، وردیی و هەستیاریی کەلتووری، شوناسی خزمەتگوزارییەکانمان بن.

* دەمانەوێت بە پابەندبوونمان بە کوالێتی، داهێنان و بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی، بناسرێینەوە، بڕوامان وایە سەرکەوتنمان وابەستەیە بە پابەندبوون بە گەیاندنی خزمەتگوزاریی زمانەوانیی ئاست بەرز، هەروەها داهێنانە لە خزمەتگوزارییە زمانەوانییەکان و بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتیی لە تەڤناری کاردا.

* ئەفراندنی ژینگەیەکی گۆڕاوی فرەکەلتووری، کە بتوانێت ئاڵوگۆڕ و پەیوەندیی نێوان کەلتوورەکان ئاسان بکات و هۆشیاریی و تێگەیشتنی جیهانیی، بەرەوپێشبیات. خوازیارین ژینگەیەک دروستبکەین، کە تیایدا ئەو تاکانەی پاشخانی جۆراو جۆریان هەیە بتوانن پەیوەندی لەگەڵ یەکتردا ببەستن، فێر ببن و ئاڵو گۆڕی بیرۆکە بکەن، باوەڕمان وایە زمان ئامرازێکی بەهێزە و دەتوانێت پەیوەیندی و تێگەیشتنی نێوان کەلتوورەکان بەرەو پێشببات.

* ببین بە هۆکارێک بۆ گۆڕانکاری ئەرێنی، بەهێزکردنی تاک و کۆمەڵگا لە ڕێگای پەروەردەی زمان و پەیوەندیکردن. ئێمە پێمان وایە کە پەروەردە و پەیوەندی زمان دەتوانێت تاک و کۆمەڵگا بەهێز بکات، گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی بەرەوپێش ببات. ئێمە ئاواتەخوازین لە ڕێگەی پێشخستنی پەروەردە و پەیوەندی زمانەوە ببێتە هۆکارێک بۆ گۆڕانکاری ئەرێنی لە ناوچەکەدا.

**ئەرکەکانی نووسینگەی ڕاوێژکاری زمانەوانیی و وەرگێران بریتین لە:**

- پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری زمانی کوالیتی بەرز کە بەرزترین ستانداردەکانی کوالیتی و وردیی و هەستیاری کەلتووری تێدابێت. لە ڕێگای کارکردن لەگەڵ پۆلێک لە پسپۆڕانی شارەزا، کە زانیاری قوڵی زمانەوانی و کەلتووریان هەیە، دەتوانین ئەم ئامانجە بەدەست بهێنین. خزمەتگوزارییە زمانەوانییەکانمان بریتین لە دەق-وەرگێران، وتە-وەرگێڕان، ڕاهێنانی زمان، هەڵەبریی و هەڵسەنگاندنی زمانەوانی، هەروەها خزمەتگوزارییەکانی دیکەی پەیوەست بە زمان.
- ببێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ خوێندکاران و فاکەڵتی و کۆمەڵگا بە شێوەیەکی فراوان و ببێتە هۆکارێک بۆ برەودان بە پەیوەندی و تێگەیشتن لە نێوان کەلتوورەکاندا. ئامانجمان درووستکردنی ژینگەیەکی دروستە، کە هانی تاک بدات بۆ فێربوون و ئاڵوگۆڕکردنی بیرۆکە. ئێمە لە ڕێگای پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری زمانەوانییەوە ئەم ئامانجەمان دەپێکین، کە دەتوانێت پێداویستیە جیاوازەکانی کڕیاران پڕ بکاتەوە.

- پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری داهێنەرانە بۆ کڕیارەکامان. ئێمە دەزانین کە هەر کڕیارێک پێداویستییەکی زمانەوانی تایبەت بە خۆی هەیە، بۆیە ئێمە پابەندین بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تایبەتمەند، کە بتوانێت ئەو پێداویستیە جیاوازانە پڕ بکاتەوە. ئێمە شارەزایی و

ئەزموونەکانمان بەکاردەهێنین بۆ پێشکەشکردنی چارەسەری داهێنەرانە، کە لەگەڵ پێداویستییە تایبەتەکانی کڕیارەکانمان بگونجێت.

**پێکهاتەی کارگێری:**

- یەکەم: یەکەی هەڵسەنگاندنی زمانەوانی:

ئامانجی ئەم یەکەیە بریتیە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پشکنین و ڕاستکردنەوەی ڕێزمانی و زمانەوانی و ڕێنووسی و خاڵبەندی. پاشان پێشکەشکردنی دەقەکە بە شێوازێک کە دوور بێت لە هەڵەی زمانەوانی و ڕێزمانی.

- دووەم: یەکەی وەرگێڕان:

ئامانجی ئەم یەکەیە بریتیە لە پێشکەشکردنی باشترین وەرگێڕانی نووسراو و زارەکی بۆ دامەزراوە جیاوازەکان و کۆمەڵگا.

- سێیەم: یەکەی ئاریشە زمانەوانییەکان:

ئامانجی ئەم یەکەیە بریتیە لە یارمەتیدانی ئەو  منداڵ و خوێندکارانەی، کە بە دەست ئاریشە زمانەوانییەکانەوە دەناڵێنن.

- چوارەم: یەکەی بەکارهێنانی زمانەکانی کوردی/ئینگلیزی/عەرەبی/فارسی بۆ مەبەستی تایبەتی:

ئامانجی ئەم یەکەیە بریتیە لە چۆنێتی بەکار هێنانی ئەو زمانانەی لە سەرەوە باسکراوە لە بوارە زانستی و ئەکادیمییەکاندا بە تایبەتی لە بوارەکانی یاسا، ژمێریاری، هونەر، میدیا و، پزیشکیدا. وێڕای ئەمانە، ئەرکێکی دیکەی یەکەکە بریتیە لە کردنەوەی خول بۆ سەرجەم دەزگا حکومی و ناحکومیەکانی هەرێمی کوردستان.

- پێنجەم: یەکەی فەرهەنگ:

ئامانجی ئەم یەکەیە ئامادەکردنی فەرهەنگێکی کوردی-کوردی گشتگیرە، کە یارمەتیدەرە لە ستانداردکردنی دیالێکتە خیاوازەکانی زمانی کوردی. وێڕای ئەمە، ئەرکێکی دیکەی یەکەکە بریتیە لە ئامادەکردنی فەرهەنگ لە بوارە جیاوازەکانی وەک زانست، ئەدەب، یاسا و هتد.

- شەشەم: یەکەی شێوەناسی:

ئامانجی ئەم یەکەیە بریتیە لە ڕێنموونی کردنی ئەو کەسانەی کە ئارەزوومەندی فێربوونی میتۆدەکانی نووسینی زانستی و ئەکادیمی و ئەدەبین.